سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی سعوودی پتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی و پشتهاتەکانی ناوچەکەی تاوتوێ کرد

بەڕێز عەمار حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانیتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز عەبدولعەزیز شەمری باڵیۆزی سعوودیە لە عیراق کرد.

لەم دیدارە بیروبۆچوون سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندی دو قۆڵی و باشکردنی ئەو پەیوەندیە نێوان هەردوو گەلی برا کرا، هەروەها سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر گرنگی قەستنەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان بەغدا و ریازی کردەوە بە ئەوەی تەواوکاری و لەیەك نزیك بوونەوەی زیارت هەبێت.
هەروەها لەم چاوپێکەوتنە باس لە پێشهاتەکانی ناوچەکە کرا، لەم بارەیەوە سەماحەتی حەکیم ڕەگا گرتنی لە هەڵگەڕانەوەی ئەو قەیرانانەی دەوربەری بە سەر وڵاتانی ناوچەکە بە گرنگ وەسف کرد و گوتی گرنگە گەلی سووریا بە خێی دوور لە دەست تێوەردانی دەرەکی حوکم وەربگرێت و ڕیز لە تایبەتمەندی و سروشتی کەمەلایتی بگیرێت.

سەبارەت بە عێراق، سەماحەتی حەکیم ئاماژەی کرد کە عێراق بەرگەیەکی کەمەلایەتی هەیە کە پشتی بە سەقامگیری سیاسی و کەمەڵایەتی و ئەمنی قایم کردوە داواشی کرد ئامادەباشی ئەمنی و سەربازی بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەرشتێکی کتوپڕ بکرێت کە ئەگەری ڕوودانی هەبێت.
ئەو چاوپێکەوتنەش لە میانەی هەوڵەکانی پتەوکردنی هاریکاری هەرەمی و تاوتوێ کردنی دەسەیە هاوبەشەکان دێت کە دەبێت بە شێوەیەك بێت خزمەتی هەردو گەل و وڵاتانی ناوچەکەش بکات.